كورتە چیرۆک




گوڵبەن شەریف


# خەونە بازنەییەکان

خەون

هەر ئەو بەیانییەی کە لەگەڵ زەنگی مۆبایلەکەم بەئاگاهاتمەوە، بەهەناسەبڕکێوە دەستم بۆ مۆبایلەکەم برد، هەرئەوەندەی



تەلەفۆنەکەم نا بەگوێمەوە هەمان دەنگی کچە چاو گەورەکە رایچڵەکاندم، هەر لەم کاتەدا بوو چاوم کەوتە سەر دیواری تەنیشت

دەرگای ماڵەکەم، پەڵەیەکی خوێنی سوور لەکاتی چۆڕاندا نەخشرابوو!، دەستم لەرزی گرت و مۆبایلەکەم لەدەست بەربووەوە و شەلاڵی ئارەقە بووم.

شەوی رابردوو لەوپەڕی دڵەراوکێ و ترسدا بووم، نەمدەزانی لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە، هێند بەچڕی بیرم لە رووداوەکانی رابردوو دەکردەوە تا ئەو رادەیەی لووتم خوێنی لێ دەچۆڕا، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێک، وڕەی ئەو بایە بەهێزەی لە تێلەکانی کارەبای کۆڵانی دەدا سەرەتای چاو چوونە خەوم بوو، ... .

کات لە سێی شەو تێپەڕی کردبوو، بەنەرمی وەکو ئەوەی دەستێک بەلۆکە پێچرابێ لە دەرگا بدا، وردە وردە بەشڵەژاوییەوە بەرەو دەرگاکە دەرۆیشتم و ئەو دەستەیش هەر بەو نەرمییەوە هێواش هێواش لە دەرگای دەدا، بێ ئەوەی هیچ بڵێم لە شوێن کلیلەکەوە تەماشای دەرەوەم دەکرد...، من تا ئێستاش نازانم ئەو کاتانە بەئاگابووم یان لەخەودا بووم!.

پاش ئەوەی تەماشای دەرەوەم کرد، لەودیوی دەرگاکەوە وەکو کەسێک لەوێنەیەکی فۆتۆدا ببینی تەنیا سەری و نیوەی سینگیم بەدی دەکرد، بەشێوەیەک وێنەگرەکەی زۆر کارامە وێنەی رووخسار و نیوەی سینگی تا خەتی نێوان مەمکەکانی گرتبێت.

بە سێ پەیژە دەگەیشتییە دەرگای ماڵەکەم، پێدەچوو ئەو لە پەیژەی یەکەم راوەستابێت، ئەو کچەی هەمیشە لەخەونەکانمدا دەیبینم وەکو وێنەی پشتی شووشەی جامخانەی وێنەگرەکان بەرامبەر دەرگاکەم راوەستاوە، چاوە گەورەکەشی ناتروکێنێ.

هێند حەپەسابووم زمانم نەدەهاتە گۆ، تەنیا لە شوێن کلیلەکەوە تەماشای ئەو وێنەیەم دەکرد، نەمدەزانی خەونە، خەیاڵە، یان حەقیقەتە و بەئاگام، چونکە ئەو تەنیا وێنەیەک نەبوو بەڵکو لەشێکی پڕلە روح و هەستە جوانەکانی مرۆڤێکی باڵا بوو، هەموو ملیمێکی رووخساری دەسترەنگینی پێوە دیاربوو، هەموو گۆشەیەکی رووخساری کە لا چاوەکانی و لووت و لێوی دروستی کردبێت چیرۆکێک خۆی تێدا حەشار دابوو، تەنیا بەتەماشاکردنی چاوە رەشە گەورەکانی فرمێسکی لە چاوانم دەهێنایە خوارەوە، چونکە هەستت دەکرد چیرۆکێکی رۆمانسی وروژێنەر خۆی تێدا مەلاس داوە، کاتێکش تەماشای لێوەکانیم دەکرد هەستم بەخۆشگوزەرانی دەکرد، هەندێ جار دەمگوت رەنگە ئەمە مۆنالیزا بێت بەڵام نەخێر ئەو رووخسارێکی باڵاتر و سیمایەکی رەهاتری هەبوو، روخسارێک تا دوا ئەندازە سپی و چاوەکانی بەئەندازەیەک گەورە و قەترانی بوون کە ئیدی لەوجۆرە چاوانە بوون

بەبینینی دڵ دەوروژێنێ و کەفوکوڵێکی خۆش کە لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت هەموو لەشت دەتەنێ و قاچەکانت سڕدەبێت، تەزوویەک بەرەو مێشکت رەوانە دەکات.

هەر لەشوێن کلیلەکەوە لەم وێنە تەواوە رامابووم، بەپەیژەی دووەم و سێیەمدا هێواش هێواش سەردەکەوت، ئیدی لەسینگی بەرەوخوار لە ژێرکراسێکی ئاوریشمی سپی... سپی دەچووەوە، وامزانی هیچی لەبەردا نییە، قەڵەوی و لاوازی بەئەندازەی لەشی کچە سێرکێکی رووسی دەبوو، هەموو هۆش و فکرمی بۆخۆی بردبوو، هەستم بەکێشی خۆم نەدەکرد، لەناو چەقی ئەم وروژانەدا بووم کە نەمدەزانی بەکێی بشوبهێنم بەنەرمی لە دەرگای دایەوە و راچڵەکیم، بەئەندازەی ئەو نەرمییەی کە لە دەرگاکەی دەدا بەنەرمییەکەوە گوتم:

– کێیە؟

وەڵامێکی بێ پێشبینیم بەرگوێ کەوت:

– خۆمم... کچی خەونەکانت !.

هاوارم لێ هەستا، گوتم:

– ئەمە راست نییە!.

ئەو قەت نەشڵەژا، لەرەی دەنگی لە هەمان ئاستدا بوو، گوتی:

– مەگەر بۆ راست نییە ئازیزم، ئەی گوایە دەنگم نابیستی؟، دەرگاکە بکەوە و مەترسە!.

لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

– ئەگەر ئەمە خەونێک بێت ئەوە تەنیا چاوهەڵهێنانێکی پێویستە، بەڵام خۆم چاوم کراوەیە!، کەواتە بۆ ئەوەی راستی بەئاگابوونی خۆم بسەلمێنم دەبێت شتێکی دیکە بکەم؛...

بەهەموو هێزی خۆم کەللەم دا بەدیواری تەنیشت دەرگاکە، گوێم لە زرنگەی ناو مێشکم بوو، وەکو ئەوەی بۆمبێک لە ناو مێشکم تەقیبێتەوە، پێش چاوم پڕبوو لە وردە گڵۆپی زەرد و پاشان کەوتمە ناو تاریکاییەکی قووڵەوە... .

نازانم چەندی پێ چوو، بەدەنگە نەرمەکەی بانگی دەکردم ، وەئاگاهاتم، هەستام و بەرامبەر دەرگاکە راوەستام، بۆ ماوەیەک وەڵامم نەدایەوە چونکە دەمویست هەر بەو ئەندازەی لەرەی دەنگەی هەتاهەتایە بانگم بکات، لەرەی دەنگی موجیزە یان سیحراوی بوو، بەشێوەیەک مەستی دەکردی کە ئیدی حەزت دەکرد تاکو ئەزەل هەر بەو جۆرە مەست بیت و بەئاگا نەیەیتەوە، بەجادوویەکەوە بانگی دەکردم؛

– گوڵبەن... گوڵبەن... بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

من مەست بووبووم، ئاخر ئیدی کەس هەیە لە ناو مەستبوونێکی ئاوهادا وەڵام بداتەوە و لە جادووی ئەو لەرەی مەستبوونە بێتە دەرەوە؟.

ئەو بەردەوام بەهەمان ئەندازە و بەو دەنگە سیحراوییەوە بانگی دەکردم، بەڵام ئەمجارەیان جادوویانەتر هەستی دەوروژاندم و دەیگوت:

– تکات لێ دەکەم وەڵام بدەوە، گوڵبەن... گوڵبەن؟، مەترسە ئازیزم مەترسە!.

لە دڵی خۆمەوە گوتم:

– ئاخر کچی خەونەکەم چۆن نەترسم چۆن؟.

ئیدی چیتر بەرگری بێدەنگیم پێ نەکرا:

– بەڵێ... بەڵێ کچی خەونەکەم بەڵێ...هەرچەندە بێبڕوام لە بوونت!، بەڵام ئەوەش وەڵام و ئەوەش لەرە گڕەکەی دەنگم" لەرەی دەنگم بەلەرەی دەنگی کەسێک دەچوو کە بەهۆی جگەرەکێشانی زۆرەوە سییەکانی هەویان کردبێت".

بەخۆشی کەسێکی زۆر بەختەوەرەوە گوتی:

– ئۆخەی گیانەکەم... ئۆخەی، وامزانی چیتر دەنگت نابیستمەوە، دەرگاکە بکەوە مەترسە!.

بەدەنگێکی قرخاوی و بەرزەوە وەکو یەکێک خوێن بەربوونی لووتی گەڕابێتەوە گەرووی هاوارم کرد و گوتم:

– باش بزانە بەهیچ شێوەیەک ئامادە نیم دەرگاکە بکەمەوە!.

بەخۆشم دەگوت"سەیرە بۆ دەبێ هێندە لە جوانی بترسین؟".

ئەمجا وەکو پلارێک پێم گوت:

– کچی خەونەکەم... سەرەتا حەزدەکەم خۆتم پێ بناسێنی، تۆ کێیت و لە کوێوە هاتووی؟.

هەر بەو لەرە نەرمەی دەنگی وەڵامی دامەوە:

– ئاخر تۆ ئێستا تەنیا دەنگم دەبیستی، ئەگەر دەرگاکە بکەیتەوە و بمبینی گومانم نییە تەواو قسەکردن و رەفتارت لەگەڵمدا دەگۆڕێت.

ئەو نەیدەزانی من لە شوێن کلیلەکەوە بە چڕی تەماشام کردووە، بەڵام بەم قسانەی

گـومـانێکی بۆ دروست کـردم، بەخـۆم گـوت" تۆ بڵـێی پاش ئەوەی کـەللـەم لە دیوارەکـە دا بەئاگاهاتبم و ئێستا ئەمـە کەسێکی دیکە بێت، وەک خێزانەکەم یان دایکم یان کەسێکم بێت!"، بۆیە بەپەلە چاوم نا بەشوێن کلیلەکەوە، هەر ئەو وێنەیە بوو کە دواجـار بینیبووم، واتە لە سینگی بەرەوخـوار، لە پێش دەرگاکە راوەستابوو، هەر قەدوباڵای کچە سێرکە رووسیەکە بوو، ئیدی بەتەواوی لێم شێوا بەئاگام یان نا، سەرم بەرز کردەوە و گوتم:

– بزانە کچی خـەونەکـانم... نێوانی من و تۆ تـەنیا ئـەم دەرگایـەیە، نازانم بەکردنەوەی، دەرگـای چ کارەسـاتێک لەخـۆم دەکەمـەوە؟، بەڵام تۆ وەڵامی پرسیـارەکـەمت نەدایەوە، تۆ کێیت و لە کوێوە هاتووی؟.

بێ هیچ راوەستانێک راستەوخۆ گوتی:

– من پەریم، کچی خـەونەکانتم و هەر لەوێشـەوە بۆ لای تۆ هاتووم!، دەی گوڵبـەن گیـان، تکا دەکەم دەرگاکە بکەوە!.

خۆزگە دەمزانی من چ جۆرە خەونێک دەبینم، ئەمە منم کە ئێستا مۆبایلەکەم لە دەست بەربووەوە؟، یاخود ئەوە منم کە لە شوێن کلیلەکەوە تەماشای کچی خەونەکانم دەکرد؟، یان هەر هیـچیـان من نیم؟، بۆ رێی تێناچێ من هەر نەبم؟، یان رێی تێناچێ ئەو هەبێ و من نەبم؟.ئاخ ئەم هەموو پرسیارە بێ وەڵامانە چی لێ بکەم، چاک وایە پرسیاری هیچ نەکەم، بەڵام ئەم بێدەنگییە لەناکاوە چی لێ بکەم؟، هـەوڵ بدەم چاوەکانم داخـەم وبخـەوم، رەنگە باشترین چارەسەر بێت بۆ لەبیرکردن.

چاوەکانی داخست و... لەبەرخۆیەوە گوتی:

– هەموو شتێکم بەنەفرەت کرد، لە پێش هەر هەمووشییەوە حەقیقەت!!!. تاقە فاکتەرە کە نییە و لەم خەونە بازنەییانەی ژیان رزگارم دەکات.

پاش ئەوەی رووناکی لەچاوەکـانیـدا توایەوە و خـەو تەواو یەخـەی گـرت، هەناسـەی لەسـەرخۆ و کـەم کەم رەوانەی سێەکانی دەکرد، ئەو دەستانەی کە بە لۆکە پێچرابوون ئارەقـەی نێوچەوانی گـوڵبـەنی بەنەرمـیـیـەوە سـرِی، ئەویش لە جـێگای خـۆی راپەڕی و بەرووخسارێکی تووڕەوە تەماشای دەکرد، گوتی:

– کێ دەرگای لێ کردییەوە؟.

بەهەمان نەرمییەکەی جارانییەوە گوتی:

– گوڵبەن گیان پێویست بەو پرسیـارانە ناکات، چونکە ئیدی تەواو هیچ دەرگایەکمان

بەڕوودا داناخرێت!.

گوتی:

– مانای چی؟، لە مەبەستت تێ ناگەم؟.

کچە دەست لۆکەییەکە بەهەموو باوەڕبەخۆبوونێکەوە گوتی:

– هەستە با بڕۆین، ئیدی تۆ لە خەونەبازنەییەکان دەرچووی!!!.

لەگەڵ تەواوکردنی قسەکەی، گوڵبەن دەستی کچەی خەونەکانی گرت و هەندێک بەزەحمەت هەستایە سەرپێ، وەکو یەکێک چەند رۆژێک هێدم بووبێت ئاوها سەری گێژی دەخوارد، تەماشایەکی خۆی کرد جلێکی سادە سپی و زۆر رووناکی لەبەردایە، وەکو کەسێک بیەوێ بۆ دواجار تەماشای ناو ماڵەکەی خۆی بکات چاوی بەماڵەکەیدا دەگێڕا، مێزی خوێندنەوە و کتێبخانە پەڕپووتەکەی و وێنەکانی سەر دیوارەکە، هەمووی لە جێگای خۆیدا تۆزی چەند رۆژێکی لەسەر نیشتبوو، هەر چاوی بەسەر یەکە یەکەی وێنەکانەوە بوو تا نزیکی تەنیشت دەرگاکە بووەوە، خوێنە چۆڕاوەکەی بینی، بەرەو خەوگەکەی رێچکەی بەستبوو، هەر بەو شێوەیە چاوی بەشوێن دڵۆپە خوێنەکانەوە بوو، تا چاوی کەوتە سەر جلوبەرگەکەی خۆی، لەسەر خەوگەکەی کەساسانە یەکپارچە خوێن بوو!!!.

سەیری بەخۆی دەهات، بەهیچ شێوەیەک دڵی نەلەری و نەترسا.

کچی خەونەکان بەنەرمییەوە دەستی گرت و گوتی:

– دەی با بڕۆین، خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانمان دەکەن لە خەونە بازنەییەکانیان دەریان بهێنین!.

بێ ئەوەی چیتر ئاوڕبداتەوە کەوتە تەنیشت کچەی خەونەکان، بەنەرمییەوە دەستی یەکترییان گرت و لەو شوێنەوەی خوێنەکەی چۆڕابوو بەدوو توێی دیوارەکەدا دەرچوون و رۆیشتن.